# کورد پێویستی بە گرێبەند (کۆنتراکت) هەیە

**کاوە ئەمین**

زۆربەی چاودێران لەسەر ئەو بڕوایەن، هەڵبژاردنەوەی جۆرج دەبلیوو بوش بۆ سەرۆککۆماری ئەمریکاو، گۆڕانکاریەکانی نێو داروودەستەی بوش بە تایبەتی لابردنی (کۆلن پاول) کە بە کۆتری نێو بازەکانی کۆشکی سپی نێودەبردرێت و، دانانی (کۆندیریلا رایز)کە بە کەسێکی کۆنسەرڤاتیڤ و بیروبۆچوونە توندە ئاسنینیەکانیەوە دەناسرێت، بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، مانای درێژەدانی سیاسەتی توندڕەوانەی ئەمریکایە کە لە درێژخایەندا، جیهان زیاتر بەرەو نائارامی و دابڕان و جەمسەربەندی نوێ دەکات.

ڕاستە ئەمریکا توانی بە ئاسانی دەوڵەتی عێراق و ڕژێمی بەعس و سەددام لابەرێت، بەڵام سەرهەڵدانی دەیان گروپی تیرۆریستی و زیندوکردنەوەی ترادیسۆنە کۆنەکانی ئیسلام، کە زۆر دیکتاتۆری عەرەبی لەکاتی قەیرانەکانیان پەنای بۆ دەبەن، ئەو وێنەیەی کە ئەمریکا دەیویست بیکێشێت و پیشانی جیهانی بدات، بە سوتاوی لە تاقیگەی عێراق کە دەیان ساڵە بووتە نێوەندێکی تیرۆری دەوڵەتی بە دژی کورد، درایەوە دەست ئەمریکیەکان.

ئەمریکا تا ئەم کاتەش، سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکراو هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانەی تەواوی لەمەڕ کێشەی کورد نییە. باشترین نمونەش هەڵواسینی کێشەی کەرکوک و ناوچەکانی تری دەرەوەی دەسەڵاتی کوردییە، بە تێپەربوونی کات کێشەی ئەو ناوچانە زیاتر ئاڵۆزتر دەبن، چونکە هیچ گەرنتیەک نییە کە وا لە کورد بکات گەشبین بێت بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق کە وابڕیارە لە کۆتای مانگی یەکی ساڵی داهاتوودا بکرێت. ئەگەر غازی یاوەر و ئەیاد عەلاوی کە بڕیار بەدەستن لەم کاتەدا، نەیانەوێت کێشەی کەرکوک و ناوچەکانی تر چارەسەربکرێت کە ناوبەناو سەردانی کوردستان دەکەن و وەک هەمیشە کۆبوونەوەکانیان بە "ئیجابی" دەقەبڵێنرێت، چی وا دەکات کە پەرلەمانی داهاتووی عێراق کە بەشێکی بە کۆنە بەعسی و عەرەبی شوڤینست پردەکرێتەوە، کە نیاز پاکبن و دەنگ بدەن بۆ گەڕانەوەی کەرکوک و شوێنە کوردستانیەکانی تر بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دواخستنی هەڵبژاردن یان بەشداری نەکردنی کورد تێیدا تا مەرجەکانی کورد دانیان پێدا دەنرێت، لە بەرژەوەندی کوردایە نەک بە پێچەوانەوە. ئەگەر هەڵبژاردن دوابخرێت تا ئاوارەکانی کەرکوک دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان و عەرەبی هاوردەش بۆ شوێنی خۆیان، ئەوکاتە دەکرێت بڵێین لە عێراق و کوردستاندا، هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیموکراتی، دەتوانرێت بەڕێوە ببردرێت.

کورد تاقیکردنەوەیەکی تاڵی لەگەڵ عێراقدا هەیە، بۆ نمونە کاتێک ماوەی چوار ساڵ بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک لە بەیانی 11 ئازاردا، دانرا، هەموومان نەتیجەکەیمان لەبەرچاوە، عێراق نەک ڕازی نەبوو دانبنێت بە کەرکوک دا وەک بەشێک لە کوردستان، بەڵکو لە خاڵەکانی تری پەیمانەکەش پەشێمان بووەوە و یەک لایەنە هەندێ خاڵی وەکو مەرج بەسەر سەرکرادیەتی شۆڕشدا داسەپاند، کە نەدەکرا قبوڵبکرێت، بۆیە شەڕ درێژەی کێشا و نەتیجەکەش ئەوە بوو کە بینرا. ئەمریکا، بەتایبەتی هێنری کەیسنجەر کە لە بیرەوەرەیەکانیدا دانی پێدا دەنێت، گەورەترین خیانەتیان لە کورد کرد، کەیسنجەر دەیەوێت بەوە دڵی کورد بداتەوە کە "بێئەخلاقیان لەگەڵ کورد" کردووە. ئەوان تەنها بەرانبەر کورد بێ ئەخلاقیان نەکردووە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی خۆیان لەهچ شتێک ناپرینگێنەوە. دیارە ئەمە بەهیچ شێوەیەک بەومانەیە نییە کە کورد دژایەتی ئەمریکا بکات، بەڵام نابێت ئەو تەجروبە تاڵانەشمان لە بیر بچێت، دەبێت کورد بەنهێنی یان ئاشکرا، گرێبەندێک لەگەڵ ئەمریایەکان ببەستێت کە بە ئاشکرا بەرژەوەندیەکانی

کوردی تێدا جێگیر بکرێت و ڕەچاوی بەرژەوەندی کوردی پارچەکانی تری کوردستانیشی تێدا بکرێت. دەنا ئەو خۆشەویستییە یەکلایەنییەی کورد بۆ ئەمریکا، هیچ مانایەکی نابێت و بگرە ڕەنگە دوژمنمان بۆ زیاد بکات، نابێت سەرکردایەتی کورد ڕێگا بدەن لە کوردەکەی هەردوو جەژنەک ببین و جارێکی تریش بمانکەن بە مقاشی ئەو دۆزەخەی کە دەیان ساڵە ڕۆژهەلاتی ناوینی تێدا دەسوتێت.

* لە ڕۆژنامەی ئاسۆ ڕۆژی 12/6، بلاوکراوەتەوە.